# لەیادی(کارەساتی هەڵەبجە) منیش قسەم هەیە

...

نووسینی /مەلا تحسین مصطفى شێخانی
shekhan_diana@yahoo.com

گەرچی من خەڵکی شاری هەڵەبجە نیم وەلی یادکردنەوەی کارەساتی هەڵەبجە ڕەهەندێکی نیشتمانی ونەتەوەیی وەرگرتوە وپەیوەستە بەگشت تاکێکی ئەم نەتەوەیە کەیادی ئەم کارەساتە سامناکە بکەن کە ڕژێمی گۆڕ بەگۆری بەعس لەبەرواری(1988/3/61)لە ساتێکی کەم دا (5000)گوڵە گەنمی ئەم شارەی لەپیرو لاو ژن ومێر منالّی ئەم شارەی چۆن بەهۆی چەکی قەدەغە کراوی کیمیای قەتل وعام کرد,لەم یادە گەرەکە هەمووومان پێدا چوونەوەیەك بە خۆمان و نەتەوە کەمان بکەین ئاخۆ چەندە توانیومانە لەرێگەی ئەم یادەدا ماف وداخوازیە نەتەوییەکانمان بهێنینە دی؟وەك چۆن(هۆڵۆکوستی جولەکە) لەئەڵمان ئێستاش رەهەندێکی جیهانی وەرگرتوە,تەنانەت بیریارو ڕۆشنبیرانی ئەوروپی لە مەملەکەتی ئازادی ڕاەربڕین چۆن بەتەنها گومان خستنە سەر ژمارەی قوربانیانی ئەم ڕووداوە دادگایی دەکرێن,(نموونەشمان بۆ ئەمە بیریاری فەرەنسی ڕوجیە گارودی یە)ئاخۆ بیریارو سیاسەتوانانی ئێمە چەندە توانیویانە لەجیهانی عەولەمەو پێشکەوتن ئەم بیرەوەریە گەورەیە لە ڕەهەندی کوردستانی بیهێننە دەرو بیکەن بە ڕەهەندێکی جیهانی؟؟ لەهەمان کات دائاخۆ تاچەند دەسەلأتی ئیداری وسیاسی بەپیر داخوازی ئێش وئازاری ئەم خەولکە خێر لەخۆ نەدیوە چوە؟؟یا ئەوێش وەك زۆرێك لەشارەکانی کوردستان فەرامۆش کراوە وهێشتا هەر بەکاتی دوایی بۆردومان ئەچێ ؟؟لەکاتێکدا هەر زوو لەیادی **3/16** ئێمە ئەم یادە تەنها بەچەند دەقیقەیەك دەکەینەوە بێ ئەوەی ئاوڕی تەواو لەم شارە بدرێتەوەو؟یا لەدەزگا کانی ڕاگەیاندن چەند بەرنامەیەکی بۆ تەرخان دەکرێت کە لە قاڵبیی خۆهەڵ کێشان وکات بەسەر بردن وخەڵك چەواشە کردنە نەك خەمخۆری بەدوا چوون؟وەهەندێ جاریش بۆ ئەویە کەلەسەر حسابی خەڵکی ڕەش وڕووت بەهۆی بەدیارخستنی ڕاپۆرتی تایبەت ململانێی حزبی پێ یەکلا دەکرێتەوە؟؟ سەیرە (زگروس تیڤی)دەیەوێ لەپاڵ نیشاندانی ئێش وئازارو مەینەتی خەڵکی هەڵەبچە وانیشان بدات کەدەسەلأت دارانی هەڵەبجە کەمتەرخەمن لە هەمبەر خەڵکەکەی؟!!! لەگەڵ ئەوەی ئێمە باش دەزانین کە هەلەبجەش وەك باقی شارەکانی کوردستان ئەمەندەی پیاهەڵدان وباسکردنی مردوانی لێ هەڵێنجراوە ئەمەندە بیر لەخزمەت کردنی زیندوانیان نەکراوە؟؟!!!!

بۆیە لەیادی هەڵەبجە گەرەکە شاری وێران وخەڵکی بەشمەینەت بخرێتە ئەولەویاتی خزمەت کردن وئاوڕلێدانەو,وەگەرەکە ڕۆشبیرو قەڵەم بەدەستان زیاتر لێکۆڵینەوە لە سەر لەم یادە بکەن بۆ ئەوەی ئەم یادە قاڵبێکی یاسای دەستووری نەتەوەیی جیهانی وەربگرێت,چینایەت کارانی ئەم تاوانەش بە ڕوونی و ڕاشکاوانە دادگای بکرێن چونکە دەنگۆی ئەوەش هەیە کە ئەمەریکا دەیەوێ مەلەفی هەڵەبجە بەڕوونی وئاشکرا لەدادگای سەدام نەخرێتە بەر لێکۆڵینەوەوبەدواچوون چونکە ئەم دادگای کردنە هەندێ لەکومپانیاو سیاسەت وانی لەمەڕ خۆشیان دەگرێتەوە ,ئەمەش کەمترین مافە لەهەمبەر گەنج ولاوی شارەکە ..........